# یەکگرتووی ئیسلامی مەوەستە !

**عەبدولقادر شەشۆیی**
aqadir81@yahoo.com

دابەزینی یەکگرتووی ئیسلامی بە لیستێکی سەربەخۆ بۆ هەڵبژاردنەکان بۆچی ئەو پەرچە گوتار و کردارە توندەی بۆ یەکێتی و پارتی دروست کرد ؟ئەو هەڵچوون و تورەبوون و زمانە زبرەی دەسەلاتە کوردیەکان شەرِی یەکگرتووی پێدەکەن هەتا سنوری سوری خوێنرِشتن و سوتاندنی ماڵەکانیان بۆ؟ئەمە لە خەمخۆری و بەتەنگەوە هاتنی بەرژەوەندیەکانی ئەم کۆمەڵگایەوە سەرچاوەی گرتووە یاخود لە بنەرەتدا ترس لە گۆران و سڵەمینەوە لە ململانێ و رِانەهاتن لەسەر ئەنجامدانی گەمە دیموکراسیەکان تووشی شۆکی کردوون ؟ئایا لە هەڵبژاردنێکی شێواز بازنەییدا کە ژمارەی کورسی پارێزگاکان دیاری کراوە و " متفرقەکان"یش بە پێی دەنگەکان دابەش ئەکرێنەوە، لیستی سەربەخۆی یەکگرتوو لە کوێیدا لێدانە لە بەرژەوەندیەکانی کورد؟ باشە دەنگدان بە یەکگرتوو دواجار دەنگدان نییە بە حیزبێکی کوردی؟تۆ بڵێی مێژوی ئەم حیزبە ئەوەندە رِەش بێت بە کوشتاری ناوخۆیی و خیانەت و گەندەڵی بایی ئەوە متمانەی پێنەکرێت لە بەغدا داکۆکی لە مافی ئەو نەتەوەیە بکات کە تیایدا لەدایک بووە و گەشەی کردووە؟ ئایا ئەو تەق وتۆق وهات وهاوار و رِقرِشتنەی حیزبەکانی دەسەلات لە رِێگای جیاجیاوە بەرامبەر بەو هەڵوێستە سیاسی و ئاساییەی یەکگرتوو ئەنجامی ئەدەن ترسە لە نیمچە هێزێکی وەکو یەکگرتوو یاخود لە جەوهەردا چاوترسێن کردن و درِکاوی کردنی رِێگا دیموکراسیەکانی بەشداری سیاسییە لە هەر دەنگێکی مەدەنی و سیاسی و کۆمەڵایەتی کە بیر لە یاخیبوون و زیندوکردنەوەی ململانێ چەپێنراوەکانی ناو ئەم کۆمەڵگایە دەکاتەوە ؟

سەرەتا دەبێ ئەوە بڵێین کە کاراکتەرە سەرەکیەکانی کایەی سیاسی کوردی نەک بەرامبەر بە یەکگرتوو (کە دەنگی هەڵبرِیوە ) بەڵکو بەرامبەر بە هەر بکەرێکی تری پشت ئەو هەڵوێست و دەنگ هەڵبرِینانە ، بەو شێوە توند و زبرە و بەو گوتارە ئاخنراوە بە تۆمەت رِوبەرِووی ئەبوونەوە ،چونکە مێژویان و گوتارەکانیان و کولتوری سیاسییان ئەو تایبەتمەندی و سیماتەی ئەوانی فێر کردوین ، لێرەوە مەبەستی ئێمەش لەم وتارەدا چەپڵە و داکۆکینامە نییە بۆ یەکگرتوو وەکو "حیزب" بەقەدەر ئەوەی هەڵسەنگاندنی هەڵوێستێکی ئاراستە دیموکراسی ئەو حیزبە و دروست کردنی پرسیارە بۆ سەر ئەخلاقیاتی سیاسی دەسەلاتی کوردیو بنکۆڵ کردنی ئەو گوتارە تاکرِەوییەیە کە گەرەکیەتی دیموکراسیەتێکی بێ ململانێ بکاتە مۆدێل لە کوردستاندا .

بێگومان دوای ئەوەی یەکگرتووی ئیسلامی قەوارەی سەربەخۆی خۆی بۆ هەڵبژاردنەکان رِاگەیاند ، زۆربەمان شاهێدی ئەوەین کە رِۆژانە پەرچەگوتاری یەکێتی و پارتی چییە و چۆنە ،ئەوەی ئەبینرێ و ئەوەی ئەبیسترێ و ئاراستە ئەکرێت و ئەوەی ئەکرێت لەلایەن ئەو هێزانەوە کردارێکە بێجگە لەوەی هەر لە سەرەتاوە جارِی مەرگی دیموکراسی وخوێناویی کردنی ژیان و رِەتکردنەوەی ململانێ ئەدات لەگەڵ ئەوەشدا دنیایەک لە تۆمەت و تاوان ورِق و قین بەیان دەکات.

تەواوی ئەوانە وامان لێ ئەکەن لە جیاتی گەشبینە بێپرسیارەکانی ئەک کۆمەڵگایە بپرسین :

ئایا ئیرادەی ئەنجامدانی ململانێ بووە بە بەشێک لە ئەخلاقی کاراکتەرە سەرەکیەکانی سیاسەتی کوردی؟

حیزب و هێزەکانی کایەی سیاسی ئێمە گەمەکەرێکی بێترس و لێبوردە و قبوڵکەری چالاکیەکانی بەرامبەرە لە گەمە دیموکراسیەکاندا؟ئەو گوتارەی حیزبی کوردی لەسەری ژیاوە و پێوەی ئەژی پرۆژەگوتارێکە بۆ بەرجەستەکردنی جیاوازی و خولقاندنی زەمینەیەکی کولتوری لەبار بۆ ململانێی هێزە کۆمەڵایەتی و سیاسی و کولتوریەکانی ناو کۆمەڵگا؟ئایا پێناسەی ململانێ و زەرورەتی مومارەسەکردنی و میکانیزمەکانی ئەنجامدانی و قبوڵکردنی بەرئەنجامەکانی بووە بە پێدراوێکی

کولتوری و ئەخلاقی لە فەرهەنگی هێزە سیاسیەکانماندا؟ ئەگەر نا،بۆچی؟دوای ئەزمونکردنی مێژویەک لە شەڕ و ناکۆکی و پێکهەڵپژان و چەپاندنی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی ململانێکان ،و پاش ئەزمونێک لە سالاری فکر و کردەی تاکڕەوی و دەمارگیری و ملنەدان بۆ دیموکراسیەت،ئایا ئەگەری ئەوە لەبەردەممماندایە کە ململانیٚ ڕێڕەوی دروستی خۆی لە ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتیماندا بگرێت؟

وەڵامی هەموو ئەو پرسیارانە ( بەبیٚگەڕانێکی جدی ) تەنها لەو خوێنەڕژاوە ئەخوێنرێتەوە کە لە بادینان ئەزموونی دیموکراسیەتی کوردی سوور کرد، ئەو دووکەڵە ڕەشەی لە مەڵبەندی دهۆکی یەکگرتوو جارێکی تر ئاسمانی سیاسەتی کوردی کردەوە بە هەوری ڕەش ، ڕەنگە کافی بێت بۆ دەستکەوتنی وەڵامێکی پڕاوپڕ بۆ ئەو پرسیارانە .

کاتێک ئەبینین ئەوان لە جیاتی خستنەڕووی پروژەی چاکسازی بۆ کۆمەڵگا بە کوشتن و تالاٚنکردن و بەشینەوە و داتاشینی تۆمەت بۆ بەرامبەر ڕووداوەکانی پێش هەڵبژاردن ئەنەخشێنن، ئەوان لە جیاتی " مناظرة" ڕکابەرەکانیان بە زمانی هەڕەشە ئەدوێنن ، ئیدی چۆن بە گومان نەبین لە مەبەستیان ،چۆن هەروا بە سانایی و بە سادەیی ئەبیٚ تەسلیمی نەتەوەپەروەریەکەیان بین ، لەو قەناعەتەوە دێین و ئیش لە ناو ئەخلاقیاتی سیاسیاندا ئەکەین بۆ دۆزینەوەی شوێنگە و پێناسەی "ململانیٚ" لای ئەم هێزانە .

بۆ ئەو کارەش پێش هەر شتێک پێویستمان بە تێڕامان هەیە لە تایبەتمەندی دەسەڵاتی سیاسی و ماهیەتی بونیادی سیاسی ئەم کۆمەڵگایە،چونکە مادام ململانیٚ لە سادەترین مانایدا بریتییە لە ممارەسەکردنی ئازادی و تەعبیرلەخۆکردن وکێبڕکیٚ و جم وجۆڵی تەواوی گروپ وهێزە کۆمەڵایەتی و سیاسی و کولتوریەکان ،ئەوا مومکین نییە بەبیٚ بوونی کولتورێکی سیاسی کراوە و دەسەڵاتێکی سیاسی دیموکراسیخواز قسە لەسەر بەرجەستەبوونی ململانیٚی ڕاستەقینە بکەین ،مادام پێشزەمینەکانی ململانیٚ بریتین لە ئاوەلاٚکردنی دەروازەکانی بەشداری سیاسی و ڕەخساندنی فەزای ئازاد و ڕێکخستنی میکانیزمەکانی ممارەسەکردنی ئازادی و ئالٚ وگۆڕی دەسەلاٚت،کەواتە مومکین نییە چاوەڕێی ململانیٚ بکەین لە کۆمەڵگایەکدا کە ئەو پێشزەمینانە لە ئارادا نەبن،هەڵبەتە ئەوەی لەسەر ئەوانەش بڕیاردەرە فۆرمی دەسەلاٚت و ئەو گوتارە سیاسییەیە کە کایەی سیاسی دائەپۆشێت .

لێرەوە ئەو کاتەی بە ئەزموون و بە تێڕامان و بە خوێندنەوە ئەگەینە ئەو ڕاستیەی کە بونیادی سیاسی ئەم کۆمەڵگایە لە بنەڕەتدا تێکەڵەیەکە لە گەڕانەوە بۆ شەرعیەتی شۆڕشگێڕی وگوتاری نەتەوەپەررستی ئاوێزان بە پاشماوە کولتوریەکانی تاکڕەوی و پاوانخوازی دەسەلاٚتی بەعسیزم،ئیتر هەمیشە ئەوە فەرامۆش ناکەین کە ئێمە لەڕووی کلتوریەوە مەحکومین بە ژیانێک ،ئەوەندەی موقەددەسە داتاشراوەکانی گوتاری ناسۆنالیزمی و ڕێسا تاکڕەویەکان و بڕیارە سیاسیە تاکڕەهەندە پاساودراوەکان بە جوگرافیای ململانیٚ دەرەکیەکان حوکمی چەپاندنی ململانیٚ ناوەکیەکانی تیا ئەکەن ، ئەوەندە بنەما و بنچینە دیموکراسیەکان کار ناکەن بۆ هێنانەدەنگ و خستنە مەیدانی کاراکتەرو ململانێکارە سەرەکی و لاوەکیە فەرامۆش کراوەکانی کۆمەڵگا .

لەلایەکی تریشەوە تایبەتمەندی دەسەلاٚتی سیاسی ئەم کۆمەڵگایە کە خۆی لە تەرزی بیرکردنەوە و گوتاری سیاسی دوو حیزبی ناکۆک و خۆدوورخەرەوە لە کێبڕکیٚ و ململانێدا ئەنوێنێت،ئەوە ڕۆشن ئەکەنەوە کە ئەوەی پێی دەوترێت ململانیٚ و جم وجۆلٚ و چالاکی دیموکراسی وەکو نەگۆڕێک لە ئەدەبیاتی سیاسی ئەم حیزبانەدا شوێنگەی خۆیان نەبووە و نییە.

بە تێڕامان لە واقیع و گەڕانەوە بۆ مێژوی ئەم حیزبانە وپاشانیش دەستنیشان کردنی سیماتی بیرکردنەوە و گوتاریان ،ئەگەینە ئەو دەرئەنجامەی کە بەڵیٚ ئەم حیزبانە لە جەوهەردا کاراکتەری دیموکراسی نەبوون و نین بەئەندازەی ئەوەی (خۆویستان و خۆنەویستانە ) لە جەوهەری دیموکراسیان داوە ،دواهەمین نمونەی زیندوش بۆ سەلماندنی ئەو ڕاستییە ئەو پیلانەیە کە لە بادینان دەرهەق بە دیموکراسی جێبەجیٚ کرا و تیایدا مرۆڤ و ژیان و ئازادی و مەدەنیەت و دیموکراسی

بەیەکەوە هەڵقرچان .

بیرمان نەچێ کاراکتەری دیموکراسی حیزب و گروپێکە ئەگەر ڕوبەری بەشداری سیاسی بەرفراوان نەکات تەسکی ناکاتەوە ،ئەگەر خێری پێ‌نەبوو شەڕ نابەشێتەوە، ئەو کاراکتەرە لە خراپترین حاڵەتدا ئامادە نییە لە پێناوی دەستەبەرکردنی دەسەلآت و سامان و بەرکەماڵکردنی ئایدیۆلۆژیایەکی دیاری کراودا پەنا بەرێت بۆ بەرپاکردنی جەنگ و نانەوەی گەندەڵی و بەرقەرارکردنی ناعەدالەتی ، کاراکتەری دیموکراسی هەرگیز کار بۆ لێدانی دەنگ و ڕەنگ و سیمای نوێی سیاسی و کۆمەڵایەتی ناکات ،گوتاری ئەو کاراکتەرە بە هیچ پاساوێک شەرعیەتی بوون و کارکردن و دەنگ هەڵبرین و تەعبیرلەخۆکردن و ڕەخنەگرتن لە هیچ زمان و مینبەرێک ناسەنێتەوە ، لە کوێدا دەسەلآتی هەبوو لەوێدا دەستکاری ڕێساکانی ئازادی و عەدالەت ناکات ، ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ میکانیزمەکانی ململانێ زەوت ناکات .

کەواتە ئەوەی ئێمە ئەزمونێکی سیاسیمان لە تەکیدا هەبووە و هەیە نە کاراکتەری ڕاستەقینەی دیموکراسی بووە ، نە ئامادەیی هەیە لەدەرەوەی گوتارە سواوەکانی نەتەوەپەرستی و شۆڕشگێڕیدا زەمینە بۆ بەرهەم هێنانی گوتارێک ساز بکات کە تیایدا ڕاستەوخۆ پرسیارەکانی عەدالەت و ئازادی و ماف و مرۆڤدۆستی بخرێتە بەردەم دەسەلآتە جیاجیاکانی کۆمەڵگا .

مادام دەسەلآتی کوردی هێشتا بە گوتاری نەتەوایەتی وەلآمی پرسیارەکانی مرۆڤدۆستی ئەداتەوە ، هێشتا بە گەڕانەوە بۆ ئەرکە نیشتمانیەکان پاساوی پێشێلکاری مافی مرۆڤی کوردی و ناعەدالەتی‌و گەندەڵی بە کەلەپوربووی ئەم کۆمەڵگایە ئەداتەوە ، مادام بە شێوازێکی بەرنامە بۆ داڕێژراو ئیش لەسەر چەپاندن و ناکام کردن و تەئجیل کردنی ململانێ سروشتیەکانی کۆمەڵگا ئەکاتەوە ، کەواتە ئەم دەسەلآتە ئیرادەی مومارەسەکردنی ململانێی نییە ، ئنجا یان لەبەرئەوەی لە جەوهەردا ئیلهامی سیاسەتەکانی لە دیموکراسیەتەوە وەرناگرێت ، یا نایەوێت باز بەسەر ئەو گۆشەنیگا ستەمکاریەدا بدات کە لەم ولآتە بۆ کورسی دەسەلآت و سەرمایە هەبووە .

ئاخر دەسەلآتێک لە مێژووی خۆیدا پێناسەیەکی بۆ ململانێ نەدۆزیبێتەوە ، ئەوەندە قاڵبوویێت لە سیاسەتی جەنگ و ناکۆکی و قۆرخکاریدا هەموو "نەخێر"ێک بە دوژمنایەتی و هەموو "هەڵوێستێکی نابەدڵ" بە خیانەت ،و ململانێی مەدەنیانەی هاولآتیان و دەنگی جیاوازی گروپە کۆمەلآیەتیەکان و هەڵوێستی سەربەخۆی حیزبە سیاسیەکان بە دژایەتی کردنی بەرژەوەندیە بالآکانی کۆمەڵگا و مەترسی بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی و خیانەتی‌نیشتمانی پێناسە بکات، کەواتە نەگۆڕترین خەسڵەتی ئەو دەسەلآتە بریتییە لە قبوڵ نەکردنی جیاوازی ڕاستەقینە لە ژیانی سیاسیدا .

ئەمەیە وای کردووە ئەم هێزانە هێشتا بە ڕەوای نەبینن گروپێک لەدەرەوەی بڕیار و ئیرادەی سیاسی ئەواندا بڕیار لەسەر چارەنووس و چۆنیەتی ژیانی خۆیان بدەن ،پێیان قبوڵ نەبێت میکانیزمەکانی مومارەسەکردنی دیموکراسی ببنە ئەلتەرناتیف بۆ بەشداری سیاسی و لە ڕێیانەوە باقی گروپ و هێزەکانی تری ئەم کۆمەڵگایە تەعبیر لە خۆیان بکەن و توانای سیاسی خۆیان لە ژیانی سیاسیدا تەوزیف بکەن .

ئێمە کاتێک دەبینین دەزگاکانی ئەم هێزانە جارێک بە میل هێنانەوەی تفەنگ و جارێک بە گرتن و جارێک بە هەڕەشە و چاوسورکردنەوە ڕێگا لە جم و جوڵ وپاخیبوونی مەدەنی لاوان و خۆپیشاندانە ڕەواکانیان دەگرن و سڵیش ناکەنەوە ، کاتێک دەبینین لەسەر مومارەسەکردنی ئازادی ئەم حیزب ئەسوتێنن و ئەو نوسەر شوێنبزر ئەکەن و ئەو وەزیر پۆستبەدەر ئەکەن و بە دەرزەن فەرمانبەر فەسڵ ئەکەن و ئەیان نێرنەوە کوچی ماڵەکانیان و باکیشیان نییە لە ئەنجام ، دیدەڕۆشن ئەبین بەوەی کورت و پوخت ئەم هێزانە لە بیری ئاڵ وگۆڕی دەسەلآت و گۆڕینی سیاسەتەکانیاندا نین ،و تەسلیم بوون بە دیموکراسی و بڕواهێنان بە فرەیی و جیاوازی و قبوڵکردنی بەرئەنجامەکانیان نەبوون بە ڕەمزێکی کولتوری لە فەرهەنگی سیاسیاندا .

بەرچاورۆشن بوون بەو سەرنجانەی خرانەڕوو ڕێنمونیمان ئەکەن بۆ تێگەیشتن لە کردار و گوتاری ڕوبەڕووبونەوەی ئەم هێزانە لەگەڵ یەکگرتووی ئیسلامی ،پاش ئەو ناساندنە ڕەنگە ڕوون بێت کە یەکگرتووی کۆنە هاوپەیمان و بێوەیی و نەتەوەپەروەری دوێنێ بۆ خوێناویی ئەکرێت، بۆچی ئێستا لە زمانی ئەم هێزانە و کارمەند و کارگوزارە ئیعلامی و ڕۆشنبیریەکانیاندا بووە بە عەرەبزادە و داردەست و خائین بە کورد و کوردستان .

خاڵی گرنگ لای ئەم هێزانە ئەوە نییەو نەبووە کە  مەیدانی سیاسی کوردستان حیزبی خیانەتکار و دەستگری بێگانە و کەسایەتی سیاسی فایلزادە و خیانەتکاری تیایە چونکە ئەگەر ئەوە ئامانج بوایە ئەوا نە ڕابردومان ئاوا ئەنەخشا و نە ئێستاشمان وا گەندەڵ ئەبوو ، بەڵکو بیری ئەوان لەوەدایە کە " مەیدانی ململانێ " لە ڕێگای حیزب و قەڵەم وزمان و دەستی یاخی و بزێوەوە دروست نەبێت ، چونکە ئەزانن لەو مەیدانە بەشێکی گەورەیئەو جیهانبینی و گوتارانەیان تێك ئەشکێت کە لە پشت هەیمەنەی دەسەڵاتەکانیانەوە کاری گەورە ئەنجام ئەدەن ، باجە کۆمەڵایەتی و سیاسی و کولتوری و ئەخلاقیەکەی ئەو بیرکردنەوەیە هەرچییەکە گرنگ نییە بەلایانەوە و بێباکن ،گرنگتر لەوە بەردەوامیدانە بەو بارودۆخە مەییوەی کە بۆ مانەوە و کارکردنی چالاکانەی ئەو جیهانبینییە تاکرەویە پێویستە ، یۆئەو مەرامەش فەیلەقێك کارگوزار و کارمەندی ئیعلامی و قەڵەم بەدەستی زمان زبر و واعیز و چەند دەزگایەکی ئەمنی و سیاسی و ئیعلامییان خستۆتەگەڕ، هەتاوەکو لە کوێدا " نەخێر " یێك و " جیاوازی " یەك قوت بۆوە ئەوان لەوێدا کردە و گوتاری خۆیان ئاڕاستە بکەن ، باشترین هەوێنیش کە بۆ داڕشتنی خیتابەکەیان و مەیاندنی بیرکردنەوە مەدەنیەکانی ئەندامانی کۆمەڵگا بەکاری ئەهێنن جولاندنی هەستی نەتەوایەتی و زاخاوی ناسیۆنالیزم و قەبەکردنی ململانێ و مەترسیە دەرەکیەکانی سەر کۆمەڵگایە .

چەند مەترسیدارە ئەو دەستەی کە خەفەکردنی دەنگی مەدەنی و سڕینەوەی جیاوازی و ڕێگەگرتن لە بەشداری ڕاستەقینەی سیاسی ناوخۆی کۆمەڵگا بە زاخاوی ناسیۆنالیزم ئەشەرعێنێت،تۆ داوای مافە سەرەتاییەکانی ژیانی لیێئەکەیت ئەو بەناوی ئەرکی نەتەوایەتیەوە پرسیاری ئەخلاقی لەسەر داوانامەکەت دروست ئەکات ، تۆ لە ئاست گەندەڵی و ستەمکاری و ناعەدالەتی و تێکشکاندنی بەها مرۆییەکان داد وبێداد و پەرێشانی خۆتی بە توڕەییەوە بۆ بەیان دەکەیت ،ئەو توڕەبوونی تۆ بە مەترسی بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی ڕاڤە ئەکات ، تۆ داوای ئاو و کارەبا و سوتەمەنی لیێئەکەیت ،داوای نەهێشتنی پاوانکاری سیاسی و ئابووری و ئیداری لیێئەکەیت ، پسشنیاری چاکسازی خۆیی و بەشداری سیاسی خۆت و چەسپاندنی مافەکانی مرۆڤی لیێئەکەیت ، کەچی ئەو سوك وئاسان بە ناواقیعی و تێکدەر و هەندێك جاریش بە خائین و دوژمنی نیشتمان پێناسەت ئەکات .

دیقەت بدەن ئەم گوتارە ئەیەوێت چ ڕەوایەتییەکی سیاسی و قەناعەتێکی کۆمەڵایەتی ترسناك ببەخشێت بە ستەمکاری خۆماڵی و گەندەڵی و ناعەدالەتی کوردی ، و چ جۆرە مەشروعیەتێکی سیاسی و پۆلیسی دروست کردووە بۆ کوشتنی پرسیار و نەزۆك کردنی ڕەخنە و ڕوبەڕوبوونەوەی توند و ڕوشێنەری ئەو عەقڵییەت و کاراکتەرانەی کە داوای مرۆڤدۆستی و ئازادی و پاکێتی لە دەسەڵاتی کوردی ئەکەن .ئەمە وامان لیێدەکات وەکو ژەهر ئەو گوتارە بناسێنین کە ڕەفزی جوڵە کاریگەرە ناوخۆییەکانی ناو کایەی سیاسی ئەکات ،لەڕاستیدا ئەوە ژەهرێکە و ساڵانێکە دەرخواردی ئازادی و عەدالەت و مافەکانی مرۆڤ ئەدرێت  ، ساڵانێکە لە سایەی ئەو گوتارەدا ململانێ یاساغ ئەکرێت ،شەڕی "جیاوازی" بە شمشێری شەرعی ئەکرێت .

لێرەوە ئەوەی هەنوکەش بەرامبەر بە یەکگرتووی ئیسلامی ئەکرێت لە کوشتن و گرتن و تۆمەتبارکردنی بە وێنەیەکی عەرەب و نارەسەن و دژ بە بەرژەوەندی کورد ، لە خەمخۆری و بەتەنگەوە هاتنی نیشتمانەوە هەڵنەقولاوە ،بەڵکو هەمان ئەو لۆژیك و کولتور و زمانەی لە پشتەوەیە کە نایەوێت دیموکراسیەتێکی ڕاستەقینە لە کوردستاندا بەرقەرار بێت .

بۆ سەلماندنی ئەو ڕاستیەش ئێمە لێکچونێکی تەواو ئەبینین لە نێوان ئەو ئامانجە کولتوریەی کە ئامادەیی هەیە لە پشت

پەلاماردنی دڕندانەی یەکگرتووی ئیسلامی و شوێنبزرکردنی نوسەرێکی وەکو " د. کەمال سەید قادر " و لابردنی وەزیری ڕۆشنبیری لە پۆستەکەی و شەق وەشاندن لە لاوانی خۆپیشاندەر و ....هتد، کە لە لایەن دەسەڵاتی کوردییەوە ئەنجام دراون .

بەڵام ئاخۆ هەست کردن بەو ئامانجە کولتوریە تاکڕەویە بووە بە درک کردنێکی بەرفراوانی کۆمەڵایەتی و تێگەیشتنێکی گشتی ؟

بێگومان نەخێر ، کەواتە وەرن پێکەوە لەو پێناوەدا خەباتێکی نوێ دەست پێبکەین ،وەرن بە ڕاشکاویی لە تەسلیمبوون بە نەتەوەپەروەریەکی ساختەوە هاوار بۆ مرۆڤدۆستی بکەین ، لە بێدەنگبوونێکی پیرۆزکراوەوە بە ئومێد و چاوەڕوانیەکانی ناسیۆنالیزم هەنگاو بنێین بۆ گەڕان بە دوای شوناسێکی سیاسی و کولتوری بۆ عەدالەت و ئازادی و دیموکراسی، گەر وا نەکەین ڕەنگە ئاشنابوون بە بەختەوەری بۆ خۆمان و بۆ نەوەی ئایندە مەیسەر نەبێت .

لێرەوە مادام گوتارێکی بەهێز دەبینین کار بۆ تەئجیل کردن و چەپاندنی ململانێ ناوەکیەکانی کۆمەڵگا دەکات کەواتە ئەگەر قەرارە کار بۆ دیموکراسی بکرێت ئەوا وەزیفەی گەورە ناساندن و هەڵسەنگاندن و پاشانیش تێکشکاندنی ئەو گوتارەیە ،سەرەتای ئەو کارانەش خستنەکاری فکر و مەعریفەیە ،پێویستە بە فکر ئەو تارماییە نەهێڵرێت کە بە دەمامکی ناسۆنالیزم داپۆشراوە و دیدەی عەقڵی کۆمەڵایەتی و سیاسی ئێمەی لە ئاست بینینی جوانیەکانی ژیانی ئازاد و دیموکراس چەواشەکردووە و بەهۆی یۆتۆپیای سفرەیەکی ڕازاوەی نەتەوەییەوە دووری خستۆتەوە لەگەڕان بە دوای عەدالەت و ڕەخنەگرتن لەو ناعەدالتییەی کە تیایدا ئەژی .

بە مەعریفەش ئەوە لای شەقامی کوردی گەڵاڵە بکەین کە ئەم کۆمەڵگایە لە ناوەوە گەندەڵی هەلا هەلای کردووە ، هزری تاکڕەوی خەریکە ڕەنگەکان و جیاوازیەکان کێوماڵ ئەکات ، ئیدی ناکرێت بێدەنگ و کزۆڵە و ساویلکە بین بەرامبەر بە هەژموونی گوتارێک کە کار لە سەر دەرکێشانی ڕوحی یاخیبوون و ململانێ لەناوماندا دەکات .

لەو گۆشەنیگایەوە بەشداری سەربەخۆی یەکگرتوو بە لیستێکی سەربەخۆ بۆ هەڵبژاردنەکان و یاخیبوونی مەدەنی لاوان و دەنگهەڵبڕینی دڵسۆزانەی نوسەران و هەڵوێست وەرگرتنی خوێندکاران و چالاکی مەدەنی ڕێکخراوەکان بە کارێکی ئاڕاستە دیموکراسی ئەزانین ، ئنجا دەسەڵاتی کوردی هەر ناوێکی بنێت و خۆیان بۆ هەر مەبەستێکی تایبەتی ئەنجامی بدەن .

داکۆکی لە زمانی هەر زارێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و مەدەنی بە ئەرکێکی ئەخلاقی ئەزانین کە بە گرتنەبەری میکانیزمە دیموکراسیەکان ململانێ لەگەڵ ئەم هێزە ململانێ نەویستانە بکات، و پێیان ئەڵێین مەوەستن و بەردەوام بن، هەر دەستێکیش بیەوێت بەناوی نەتەوەیەکەوە تۆمەتتان بداتە پاڵ و ئایدیۆلۆژیانە نیەتتان پێناسە بکات ئێمە بە فکر و بە پێدراوی واقیعی و بە جورئەتەوە نیەتی ئەو دەستەی لە پشتیەوەیەتی و زمانی خۆیشی بۆ پێناسە ئەکەین و پاشانیش کرۆکی ئەو ستەمکاری و تاکڕەوییەی پێ ئەڵێین کە پێی ڕەواو دروستە بەتەنها ئەو هێزانە حوکمی نیشتمان بکەن کە هەتا دوێنێ شیری مناڵانی ئەم وڵاتەیان گومرگ ئەکرد و پارەکەیان بۆ تفاقی جەنگەکانیان سەرف ئەکرد،بەڵام تەعبیرلەخۆکردن و مومارەسەکردنی ئازادی سیاسی کاراکتەرە کۆمەڵایەتی و سیاسیەکانی تری ئەم کۆمەڵگایە بە ناڕەواو دژ بە بەرژەوەندییە نەتەوەییەکان لەقەڵەم ئەدات .

2005/12/8 - سلێمانی